# یەکگرتووی ئیسلامی لەسەنگەری داگیرکەرانەوە هاتوە و، دەگەڕێتەوە بۆ سەنگەری داگیرکەران

عەبدول قەرەگۆلی
abdull_qeregoli@yahoo.se

لە کۆتای نیسانی ئەم ساڵدا لە قاهیرە ی پایتەختی میسر بە پلانی داگیرکەران و ناحەزانی گەلی کورد کار ئاسانی بۆ کۆبونەوە یەک کرا، دژ بە خواست و مافە ڕەواکانی میلەتەکەمان، بەشداربوانی ئەم بەرەیە پێک هاتبوون لە یەکگرتوی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی سەلاحەدین بهادین ،کۆمەڵەی عێراقی باکوور بە سەرۆکایەتی ئەرشەد زێباری و جەوهەر محێدین هەرکی، بەرەی تەوافوق ،بەرەی تورکمانی، لیستی نیشتیمانی عێراقی، بەرەی عێراقی بۆ حیواری نیشتیمانی سالح موتلگ، کوتلەی نیشتیمانی، بەرەی حیواری نیشتیمانی.

خەڵکی کوردستان ئەگەر بەئاگابێت لە وەی یەکگرتوی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق چۆن و بە پلانی کام لایەن دامەزراوە و خەبات بۆ چی دەکات ئەوا هەرگیز سەرسام نابێت بە بەشداری کردنیان لە شێوە بەرەیەکی ئاوهادا ، لێرەدا بە پێویستی دەزانم خوێنەرانی ئەم وتارە بە چەند دێڕێک ئاشنا بکەم لە شێوەی دروست بونی ئەم پارتە بەناو کوردیە و مەرجەعیە تیان شێوەی دروست بونیان لە وڵاتەکەماندا و بۆ چی تێدەکۆشن !!!

کورتەیەک لە مێژووی( ئیخوان = یەکگرتوو) لە کوردستاندا .

دیارە لە زۆر جێگادا یەکگرتوی ئیسلامی مێژووی درست بونی خۆی لە ساڵی (1994 )دەناسێنێت بە خەڵکی کوردستان، بەڵام ڕاستی و دروستی مێژوی یەکگرتوو دەگەڕێتەوە بۆ کۆتای ساڵەکانی پەنجاکانی سەدەی پێشوو، بە تەحدید ساڵی( 1959 ) ئەو کاتەی کە ئیخوان موسلیمین ی عێراق نوێنەری خۆیان دەنێرنە هەڵەبجە و لە ڕێگای چەند کەسایەتیەکی ناوچەکە و پیاوانی ئاینی توانرا لە مزگەوتێکی ئەو شارەدا کۆبونەوەیەک ئەنجام بدەن و بڕیاری دامەزراندنی لقی باکوری ئیخوان موسلیمین ڕابگەیەنن ،مەلا عوسمان عەبدول عەزیز بکەن بە بەرپرسی لقی باکوری عێراق، پاش چەند ساڵێک کاربەدەستانی ڕژێم هەڵمەتێک بۆ گرتن و ڕاوەدونانی ئیسلامیەکان دەست پێدەکەن، مەلاعوسمان یەک بوو لە وانە پاش زیندانی کردنی دوور دەخرێتەوە بۆ ناصریە، لە ئەنجامی غیابی مەلا عوسمان لە ناوچەکەدا بنەماڵەی سەلاحەدین بەهادین توانیان سودمەند ببن، کاربکەن بۆ کۆنترۆڵ کردنی بزافی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا لەسەر خەتی ئیخوان موسلیمین، لە نێوخۆدا ململانیکانی هەردوو باڵ درێژەی دەبێت هەتا ساڵی( 1987 ) بۆ دوا جار عوسمان عەبدول عەزیز لەگەڵ( 100 )کەسێک ڕولە وڵاتی ئێران دەکات و لەگەل شێخ محەمەد بەرزنجی بە هاوکاری و دەعمی جمهوری ئیسلامی ئێران بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق ڕادەگەیەنن، هەر لە هەمان ساڵدا جوندولا بەسەرۆکایەتی ئەدهەم بەرزانی بۆ سنوری بادینان دادەمەزرێت، ئەوانەی کە دیار بوون و مانەوە لە نێو ڕیزەکانی ئیخواندا سەلاحەدین بەهادین و صدیق عەبدول عەزیز بوون هەتا ڕاپەرینی سالی( 1991 ) هاتنەوە یان بۆ نێو شار هەردوو خەت لە ململانێکانی نێو خۆیاندا بەردەوام دەبن، هەتا ئەوکاتەی ئیخوان پشتیوانی خۆیان بۆ سەلاحەدین بەهادین تەکید دەکەنەوە،

چەند ڕێکخراوێکی بەناو ئینسانی دەخەنە خزمەت یەکگرتوی ئیسلامیە وە بۆ کەسپ کردنی خەڵک، ئەوانەش (ئیغاسەی ئیسلامی ، نەدوە، لیجنەی بەڕی ئیسلامی ) لێرەوە سەلاحەدین بەهادین بە یەکجاری کۆنترۆڵی ئیخوان دەکات،صدیق عەبدول عەزیز پاشەکشێ دەکات ئیخوان وەک وەجهێکی خێرخوازی دەمێنێتەوە هەتا( 1994/2/6 ) یەکگرتووی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق ڕادەگەیەنن.

صدیق عەبدول عەزیز سەردانی ئێران دەکات و پشتیوانی بۆ خۆی مسۆگەر دەکات و لە گەڕانەوەیدا جیابونەوەی خۆی لە ئیخوان ڕادەگەیەنێت و بزوتنەوەی ڕاپەرین (نەهض) دروست دەکات ،

ئایە یەکگرتووی ئیسلامی ئەمە جاری یەکەمە دەکەوێتە سەنگەری داگیرکەران، یان بڵێین بێ هەڵوێست بوون بەرانبەر بە خەتەر لە سەر کێشە نەتەوایەتیەکان ؟

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی چەند ساڵی ئیخوانی دوێنێ و یەکگرتووی ئەمڕۆ بدەینەوە ئەوا بێ دوو دڵی نابێت گۆمانمان هەبێت لە هەڵوێست و بەشداری یەکگرتوو لە جۆرە دانیشتن و بەرەیەکی لەو شێوەیە کە لەگەڵ کۆنە جاشوو موخابەراتی تورکی و کۆنە بەعسی عەرەبیدا بەشداربن، یان بە هەڵەیەکی سیاسی لەقەڵەمی بدەین، داوای لێ بکرێت داوای لێ بوردن لە خەڵکی کوردستان بکەن کە ئەمەش محاڵە،
1- ئەوەی کە لای من جێگای سەرسوڕمانە تازە تاڵەبانی و بارزانی لە وە گەشتون کە یەکگرتووی ئیسلامی کار بۆ پارێزگاری لە پێناسەی عێراقی عەرەبی ئیسلامی دەکات،
بابزانین ئەم هەڵوێستەی یەکگرتوو لە کوێ وە سەرچاوەی گرتوە، لێرەدا وتەیەکی (حەسەن بەنا ) دامەزرێنەری ئیخوان بەبیر خوێنەران دێنمەوە لە کۆنگرەی پێنجیی ساڵی(1938) دا کە دەڵێت **( نەتەوە گەرێتی عەرەب پەیامی بانگخوازی ئیخوانە، ئیخوان بەغەیرە عەرەب یشەوە دەبێت تێبکۆشێت بۆ یەکێتیی خاکی عەرەب، بۆچی ؟؟ چونکە ئەگەر عەرەب زەلیل بێت ئیسلام زەلیل دەبێت )**
واتا ئیخوانێکی کورد دەبێت تێبکۆشێت بۆ یەکپارچەی و بەهێزی عەرەب هەر بۆیە ش لاتان زۆر ئاسای بێت کە ئەمڕۆ یەکگرتوو خەبات بۆ ئەم ئامانجە بکات و تێبکۆشێت لە پێناویدا،
2-پارتی و یەکێتیی لە بەیان نەمەکەیاندا یەکگرتو بە هاوپەیمانی خۆیان لەقەڵەم دەدەن و دەڵێن (ئەوەی کە چێگای سەرسوڕمانی ئێمە یە حیزبێکی کوردستانی وەک یەکگرتووی ئیسلامی هاوپەیمانمان لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستاندا بەشداری ئەو کۆبونەوەی کردوە و واژۆی بەیان نامەکەیان کردوە ) لێرەدا پارتی و یەکێتیی و خەڵکی کوردستان دەبێت لەو ڕاستیە بگەن کە یەکگرتوو ئەوەندەی هاوپەیمانی حیزبی ئیسلامی عێراقیە نیو ئەوەندە هاوپەیمانی لیستی کوردی نەبوە و نابێت ،بەڵگەش هەردو پارت واتە (یەکگرتوو + حیزبی ئیسلامی) وەک یەک باڵ و یەک مەرجەع یان هەبێت وەڵامی پارتی و یەکێتیی دەدەنەوە بە یەک تەعبیر،
3-کاتێک خەڵکی کوردستان لە ساڵی (1991 ) دا دژ بە ڕژێمی داگیرکەری صەدام ڕاپەری ئیسلامی و شۆڤێنیەکانی عەرەب کەوتنە پەلاماردانی کورد، تاوان باریان کردین بە بەکرێگیراوی ئەمەریکی و ئیسرائیلی و ڕۆژئاوا، بەڵگەش بەیان نامەی ئیخوان موسلیمین لە لایەن (موحەمەد حامد ئەبو نەصر) ڕابەری گشتی ئیخوان و دۆستی زۆر نزیکی یەکگرتوو، لە بارواری (1991/4/27)دا.

**4–چەندان جار ڕژێمی داگیرکەرو شۆڤینی تورک بەداخەوە پەلکێش کراون بۆ کوردستان یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڵ هەندێک حیزبی تر بەیان نامەی ناڕەزایان دەرکرد، بەڵام لە سەردەمی حوکم ڕانی ئەربەکاندا دوو جار تورکیا پەلکێش کرا بۆ کوردستان ،یەکگرتوو نەک هەر ناڕەزایشیان پیشان نەدا، لە رۆژنامەو ڕاگەیاندنەکانی شیاندا بەهیچ جۆرێک ئاماژەی پێنەدرا.**
**5–لە (1996/8/31)دا کاتێک ڕژێمی لەناوچوی صەدام پەلکێش کرا بۆ سەر پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئالآی عێراق لەسەر ئەو دوو جێگا پیرۆزە هەڵکرا کە بەخوێنی هەزاران شەهید هاتبوە بەرهەم،یەکگرتوو نەک هەر ناڕەزای دەرنەبڕی ،بەڵکوو وەک ئەوەی گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵکرابێت لە سعودیە و میسرە وە پێشوازی لەم خیانەتە کرد و بەشداری حکومەتی پارتی بە خۆشحالیەوە قبوڵ کرد، لە یەکێک لە ژمارەکانی ئەو سەردەمەی رۆژنامەی گوڵاندا ئەمینداری گشتی یەکگرتوو(سەلاحەدین بەهادین) جاوپێکەوتنێکی بڵاو دەکرێتەوە و پرسیاری ئاراستە دەکرێت، (چۆن بەشداریتان لەم کابینە نوێیەدا کردووە؟) دەڵێت (بۆیە بەشداریمان لەم حکومەتەدا کردووە چونکە بە حکومەتێکی نیشتیمانی و کوردستانی دەزانین سەرتاپا گیریە و دەستەڵاتی هەموو کوردستان لە ژێردەستیدایە) سەلاحەدین بەهادین زیاتر لە (200000)دووسەد هەزار ئاوارەی سەر سنورەکانی کوردستانی سڕیبوەوە بە خەڵکی کوردستانی حساب نەدەکردن،**
**کۆتای وتارەکەم بە وتارێکی پێشووی (مهابات قەرەداخی ) کۆتای پێ دێنم کە بۆکارە تیرۆریستەکەی بەردەم وەزارەتی ناوخۆ لە مانگی ڕابوردوودا نوسیبوی (مخابن حکومەت لە سەر سنگی خۆی ماربەخێو دەکات دەشێت لە هەرساتێکدا پێوەی بدات) بەراست منیش دەڵێم ئەو مارە سڕە ئەگەر ئەمڕۆش پێمانۆنەدات، بەڵام ڕۆژێک دێت زوخاوی پەنگ خواردوی خۆیانمان پێ بڕێژن..2007/5/6**

**تێبینیی.**
**1–سەرەتا ناوی یەکگرتووی ئیسلامی بەم شێوەیە لەلایەن سەرکردایەتی ئیخوان رەزامەندی لە سەر درا ئەویش (یەکگرتووی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق) نەک، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.**
**2–بۆنوسینی ئەم وتارە کەڵکم لە ڕۆژنامەی ئەمڕۆ ژمارە (20/18 )دا وەرگرتووە لە نوسینی بەرێز محەمەد پێنجوێنی .**